# سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە تاوتوێی دۆخی سووریایان دەکەن



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان ئال سعود، بە پێوەندیەکی تەلەفۆنی تاوتوێی پێشهاتەکانی دۆخی سوریایان کرد، دوای هووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی پێوەندیەکی تەلەفۆنی لە شازادەی جێنشینی شانشینی سعودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعود وە پێگەیشتووە" و لە پێوەندیە تەلەفۆنیەکەدا پەرەسەندنەکانی گۆڕەپانی سووریا و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە تاوتوێکران کە پێویستی بە هەماهەنگی هاوبەشی عەرەبی و کارکردن بۆ پێڕەچاندانی دیالۆگی نێوان هەموو لایەنەکانی سووریا و دەستبەرکردنی ئاسایش و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی سووریا هەیە.